# Mikhail Bakhtin

# میخائیل باختین

## بیر و روانین

**ئا :لوقمان رەئوف**



**ژیاننامە**

میخائیل باختین فەیلەسوف و زمانەوان و تیۆرسینی روسی لە ساڵی 1895 لە شاری ئەریول لە دایکبووە لە بواری فیلۆلۆژی Philologe دا خوێندویەتی لە ساڵی 1918 دا تەواویکردووە و لە بواری پەروەردە و فێرکردندا کاریکردوە و گروپی باختینی رەخنەیی لە ساڵی 1921 دروستکردوە.

لە ساڵی 1929 بەهۆی پەیوەندی بە مەسیحیەتی کاسۆلیکی گیراوە و چەند ساڵێك نەفیکراوە بۆ سیبیریا، لە ساڵی 1936 لە کۆلێژی مامۆستایان لە ساراشك وانەی وتوەتەوە ، پاشان ساڵی 1938 دوچاری هەوکردنی قاچی چەپی بوو ، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ لینیگراد و لە پەیمانگای مێژووی هونەر کاریکرد ، پاشان چووە ساراشك و لە زانکۆدا وانەی وتوەتەوە ، لە ساڵی 1969 لە کلیمۆفسك نیشتەجێبووە، بەهۆی خراپی باری تەندروستیەوە دەستی



دایە نوسین لە گۆڤارەکاندا بە تایبەتی گۆڤارەکانی (voprosy literatury) و (kontekst) دا یەکەمین وتاری لەدوای دەرچوونی لە زانکۆ لە ساڵی (1919) بەناوی (هونەر و بەرپرسیاریێتی)بڵاوکردەوە، پاشان کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (کێشەکان لە شیعری دۆستیۆفسکی دا لە ساڵی 1929 بڵاوکردەوە، لە ساڵی 1940 دا بەرگری لە تێزی دکتۆراکەی کرد بەناوی (داهێنانی فرانسوا رابلیە و رۆشنبیری سەتیری گەلی لە سەدەکانی ناوەراست و سەردەمی راپەریندا)، هەندێ بەرهەمی نوێی باختین هەن تاوەکو ئێستا بڵاونەکراونەتەوە، هەرچەندە هەندێکیشیان لە دوای (50) ساڵ جیهان پێی ئاشنا بوو، بە تایبەتی پاش دووبارە بڵاوکردنەوەی کتێبی (کێشەکان لە شیعری دۆستۆفسکی لە ساڵی (1973) و داهێنانەکانی فرانسوا رابلیە) لە ساڵی 1965.

**بواری کارکردن**

باختین لە بواری تیۆری ئەدەب، سیمائی، زمان، زانستی دەق، کاریکردوە و بەشداری لەو روانینانە کردوە لەسەر زمان و شیعریەت و ئەو کێشانەی پەیوەندی بە کۆمەڵگا و مێژووەوە هەن بە یەکەمین رابەری دەقئاوێزان دادەنرێت.

تیۆری باختین لە دەقدا لە دیاریکردنی شوناسیدا لەگەڵ interpretation وەرگێڕان و شرۆڤەکاری وایدەبینێت دەق ئیدی نوسراو بێت، یان زارەکی بنچینەی هەموو کێڵگەکانی لێکۆڵینەوەیە.

دۆستیۆفسکی لە کەسایەتیە گرنگەکانە لەلای باختین و پێیوارە یەکێکە لە نوێگەرەکان لە بواری هونەری شێوەکاریدا ، بەوەی چەشنێکی نوێی لە بیری هونەریدا دۆزیوەتەوە کە بریتیە لە چەند دەنگی Polyphony- وایدەبینێت کە کارەکانی دۆستیۆفسکی بەسەر چەند بەشێکدا دابەشبوون، هەندێکیان لەگەڵ یەکتریدا سەربەخۆن و هەندێکیان دژن پێیوایە ئەم چەند دەنگیە کار لەسەر پێکهێنانی (Chronotopes) دەکات و لێکۆڵینەوە لە زۆر لە جۆرەکانی گێرانەوەی لاوەکی کەش Sub genre دەکات.

باختین لەگەڵ شێوەگەرە روسیەکاندا لە هەندێ خاڵی ناوەرۆکیدا جیاوازبووە، هەرچەندە لێیان نزیک بوو، چونکە باختین بڕوای بەشێوەگەریەکان نەبوو، چونکە دەتوانرێت لە شێوە و ناوەرۆکدا جیابکرێتەوە ، هەروەها دەق جیابکرێتەوە لە هەموو ئەوشتە دەرەکیانە کە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لە بیر و ئایدیۆلۆژیەکان.

لە کارە هەرە ناودارەکانی کە لە دوای خۆی چاپکراوە بریتین لە (پرسیارەکانی ئەدەب و ئیستاتسکا 1975) و ( ستاتیکای داهێنانی گۆیی 1979) هەروەها هەندێ کاری بەناوی خوازراوەوە بڵاوکردوەتەوە بە ناوەکانی (ب میدڤیدیوف- مەنهەجی شێوەیی لە زانستی ئەدەبدا 1929) و بەناوی ( ف فۆلۆشیفوف، فرۆیدیی 1927)، باختین لە ساڵی 1975 کۆچی دوایی دەکات.

سەرچاوە: ئینتەرنێت

